# قۆناغەکانی ڕۆشنبیری لە فەڕەنسا

جەهانگیر غەفاری



agrin 1975@yahoo.com

بیرمەندانی مۆدێرن کەرەسەی ڕۆشنبیریی بە ڕەخنەگرتن لەسەر بنەمای ئاوەزی خود- بونیاد دەزانن و بە پێچەوانەی مۆدێرنیستەکان کە بۆ ڕۆشنبیران پەیامێکی ڕۆشنبیرانە وەک "ویژدانی بێداری کۆمەڵگە"دادەنێن"، پۆست مۆدێرنەکان لە کۆتایی هاتنی پەیامی ڕۆشنبیری دەدوێن، بۆ نموونە لیوتار لە کتێبی «ئارامگەی ڕۆشنیر» تەئکید دەکات کە تەمەنی ڕۆشنبیر وەک نوێنەری سەرجەم ئینسانەکان بۆ برەودان و پڕوپاگەندەکردنی حەقیقەتەکان بە سەرهاتووە،(بۆدریار)یش لە مەرگی ڕۆشنبیر دەدوێ و (فۆکۆ)ش لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕۆشنبیران نابێ خۆیان بە پێشڕەوی کۆمەڵگە بزانن و دەرئەنجامە فیکرییەکانیان تەنیا خۆیان وەک هاووڵاتییەک پراکتیزەی بکەن، فەرەنسە زێدی شۆڕش و گۆڕانکارییە و لە بواری ڕۆشنبیریشدا خاوەن کارنامەیەکی بەرجەستەیە و باسکردن لە ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری بەبێ ئاگاداربوون لە قۆناغەکان یا خود مێژووی ڕۆشنبیری لە فەرەنسە گەلێک زەحمەتە.

چەند شەخسییەتێک پۆلێن بەندی ڕەوتی ڕۆشنبیریی فەرەنسەیان کردووە، لەوانە دەراجین جەهانبەگلور-بیرمەندی مەزنی ئێرانی کە من لێرە پشت بە بۆچوونەکەی جەهان بەگلوو دەبەستم.

## قۆناغەکانی ڕۆشنبیری لە فەرەنسە

### قۆناغی یەکەم:

دەرکردنی «بەیاننامەی ڕۆشنبیران» لە ساڵی ١٨٩٨ لەکاتی دادگایی کردنی ناعادیلانەی کاپیتان دریفۆسی جولەکە لەلایەن حکوومەتی فەرەنسە وەک سەرەتای ئەم قۆناغە پێناسەکراوە، لێرەوە کارئەکتەرێک بەناو «ڕۆشنبیر» دێتە ئاراوە کە دەیەوێ تەدەخولی کۆمەڵگە و سیاسەت بکات.

لەو قۆناغەدا شەڕی ئەسڵی و سەرەکی لە نێوان ڕاستگەرا توندڕەوەکان و چەپە مۆدێرنیستەکانە، نوێخوازان بە تێکڕا لایەنگری کاپیتان دریفۆس-ن؛ کۆمەڵەی بەرگری لە مافی مرۆڤی فەرەنسە، حزبی سۆسیالیستی فەرەنسە، ڕۆشنبیرگەلێکی وەکو"زۆلا" و"مارسێل پرۆست" لەبەرامبەر ئەمانیشدا، کەسانێکن کە دواتر بەرەو نازیسم و فاشیزم دەڕۆن و تەنانەت هەندێکیان پاش شەڕی جیهانی تیرباران یان زیندان دەکرێن، یەک لەوانە : مۆراس-ە

### قۆناغی دووەم:

ئەم قۆناغە لە پاش ڕووداوی دریفۆس و شەڕی جیهانی یەکەم و سەردەمی شۆڕشی ڕوسیا دەست پێدەکات شەڕی جیهانی یەکەم کاریگەری و تەئسیری ئێجگار نێگەتیڤ دادەنێ، چونکە کوژرانی ٥٠ ملیۆن کەس چاوەڕوانکراونە بوو، لەوانە کەسانێک وەک "شارێل پێگی" لە شەڕدا دەکوژرێن ، لەم سۆنگەوە شۆڕشی ڕووسیا، شۆڕشێکە وا شەپۆلێک هیوای لەگەڵە و زۆر لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا بە درێژەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسەی دەزانن، تەسەور دەکەن لە سەدەی بیستەمدا دەسکەوتە واقیعییەکانی شۆڕشی فەرەنسە دەردەکەوێ، حزبی کۆمۆنیست دادەمەزرێ.

### قۆناغی سێیەم:

ئەم قۆناغە بۆ سەردەمی شەڕ وپێکدادانی ئیسپانیا و بەرەی خەڵکی فەرەنسە و کەسانێک وەک ئەندرێ مالڕۆ دەگەڕێتەوە، لێرەشدا ڕۆشنبیران ماهییەتێکی پراکتیکی بە پابەندی خۆیان دەبەخشن بۆ نموونە هەمەنگوای لە ئەمەریکاوە و جۆرج ئۆرۆڵ لە ئینگلتەراوە بەشداری شەڕی ئیسپانیا دەکەن.

هەر لەم قۆناغەدایە، ڕاستگەرا توندڕەوەکان لە

فاشیزم و نازیسمی ئەڵمانی و مۆسۆلۆنی نێزیکتر دەبنەوە،لە سەروبەندی شەڕدا نێوانی ڕۆشنبیرانی ڕاست و چەپڕە و ئێجگار زۆرە، واتە لەلایەکەوە گروپێک هاریکاری حکومەتی «ڤیشی» لە فەرەنسە دەکەن، ئەوانیتریش لە ئەڵمانیا لایەنگری لە حزبی نازی دەکەن لەلایەکی ترەوە ڕۆشنبیران بەشداری شەڕ دەکەن، هەندێکیان دەکوژرێن، هەندێکیش وەک مالرۆ و ڕیمۆن ئارۆن هاوکاری دوگیل دەکەن بۆ گەیشتن بە فەرەنسەی ئازاد، هەندێکیش وەک لوێی ئیشتراوس بۆ ئەمەریکا هەڵدێن، هەندێکیش وەک لۆنیاس، ڕیمۆر و سارتەر لە شەڕی فەرەنسە دژی ئەڵمانیا بەشداری دەکەن و دیلیش دەکرێن، کەوایە لەم قۆناغەدا ڕۆشنبیر لەناو جەرگەی شەڕ و پێکدادانەکاندایە.

### قۆناغی چوارەم:

لە ساڵی ١٩٤٥وە قۆناغی چوارەم لە ڕەوتی ڕۆشنبیری دەست پێدەکات،کاتێ سارتەر باس لە پابەندی و ئیلتیزامی ڕۆشنبیران دەکات؛ ترۆپکی گەشەی ڕۆشنبیری بە" ساڵانی سارتەر" ناسراوە، واتە لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٦٨ کە ساڵانی ئێگزێستانسیالیزمە، ساڵانێک کە ڕۆشنبیران تیپ و ستیلی سارتەریان هەیە، نێو ئاخنی ئەم قۆناغە؛ بەرگری لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، بەرگری لە شۆڕشی کوبا، بەرگری لە بزاڤی فەلەستین و جەزائیر و پاتریس لۆمۆمبا لە ئەفریقیا، لە خۆ دەگرێ، لەم ساڵانەدا، سارتەر کەسایەتی پارادایمی ڕۆشنبیرییە لە سەرتاسەری جیهاندا، هەر لەم قۆناغەدا کەسانێکی پەراوێزنشین–ی ئەم پارادایمە وەک ئەلبێرکامۆ ڕیمۆن ئارۆن، دەردێکی گرینگ لە پێکدادانی نێوان ڕۆشنبیری چەپ و ڕاستگەرای توندڕەو دەگێڕن و ڕۆشنبیری چەپ لەم قۆناغەدا سەرکەوتووترە.

### قۆناغی پێنجەم:

ئەم قۆناغە لەگەڵ «بزاڤی مەیی ٦٨» دەست پێدەکات و پاش بڵاوکردنەوەی کتێبێک لە فەرەنسە، دەتوانین بە...هزری ٦٨» ناوزەدی بکەین، ڕۆشنبیرانێک کە دەرئەنجامی ئەم هزرەبوون زیاتر فەیلەسووفەکانن؛ دریدا، فۆکۆ، دلۆز، لیۆتار،گوتاری، لەم قۆناغەدا «١٩٦٨–١٩٨٠» بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ئەمانە سەیتەرە بە سەر ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا دەکەن.

هەر لەم قۆناغەدا کتێب گەلی بەناوبانگ «دژی ئۆدیب»ی دلۆز و گوتاری «ئاگاداری و تەنبێکردن»ی فۆکۆ و دۆخی پۆست مۆدێرنی لیوتار چاپ دەکرێن.

ڕۆشنبیرانی ٦٨ هەموویان چەپڕەون، هەموویان لە توخمی مەیی ٦٨–ن، لە ژێر کاریگەریی مارکسیزم، فرۆیدیزم و قوتابخانەی فرانکفۆرتن زۆربەیان لە ژێر تەئسیری فەلسەفەی ئەڵمانیا نیچە هایدگەر و هێگڵن.

### قۆناغی شەشەم:

ئەم قۆناغە لە ١٩٨٠وە دەست پێدەکات، لەم قۆناغەدا فەیلەسووف گەلێکی لاوتر لە ئارادان کە دوو کەسیان زۆر بەناوبانگن... «بێرنادهانری لوێ» و ئەندرێ گلۆکسمەن، ئەم دوو کەسە و هەندێک لە قوتابیانی هانری کەربۆن «بزافی فەیلەسووفانی نوێ» دادەمەزرێن، بنەماکانی چالاکیان بۆ دژایەتیکردنی توتالیتالیریزم، حزبی کۆمۆنیست، مارکسیزم و ئەندێشەی چەپ دەگەڕێتەوە و بە جۆرێک لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ لیبرالیزمن، ئەمانە کاریگەریی زۆریشیان لەسەر ڕۆشنبیری فەرەنسە و ڕەوتی چەپ هەیە، چونکە لێرەوە تا هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم– بۆ ماوەی ٩ ساڵ– ڕۆشنبیران دا دەبڕێن لە حزبی کۆمۆنیست.

ڕووداوێکی گرنگ کە لە ساڵانی ١٩٨٠ دادەبینرێ، مردنی هەندێک لەم گەورە ڕۆشنبیرانەیە، سارتەر لە ساڵی ١٩٨١، ڕیمۆن ئارۆن، فۆکۆ، سیمۆن دۆبڤار و... نامێنن ، کۆتایی بە ڕۆشنبیرانی پابەندی قۆناغی سارتەر دێت.

### قۆناغی حەوتەم:

ئەم قۆناغەی ڕەوتی ڕۆشنبیری فەرەنسە لە کاتێکدا دەست پێدەکات کە هەندێک لە ڕۆشنبیران وەک پییەر بۆردیۆ کۆمەڵناس جەختی زیاتر لەسەر زانستە مرۆییەکان «علوم انسانی» دەکرد تا فەلسەفە و، دەیانەوێ ڕۆشنبیری پابەند و مولتەزیم لە ساڵانی ١٩٩٠ دا زیندوو بکەنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابن ، لێرە بە دواوە – مەگەر لە دوو حاڵەتدا– چیدی ڕۆشنبیران کاری جەمعی ناکەن و ڕۆشنبیریی پابەندی فەرەنسە جێگای خۆی بۆ کارەکتەرێکی تر بەناو ڕۆشنبیری دیموکراتی چۆڵ دەکا لەم ڕۆشنبیرییەش لە چەپڕەوی دوور دەکەوێتەوە و زیاتر پابەند دەبێ بە پرەنسیپ و بەها دیموکراتییەکان، کاری جەمعی جێگای خۆی بەکاری فەردی دەدات.

**چیدی ڕۆشنبیران کاری جەمعی ناکەن و ڕۆشنبیریی پابەندی فەرەنسە جێگای خۆی بۆ کارەکتەرێکی تر بەناو ڕۆشنبیری دیموکراتی چۆڵ دەکا**

**سەرچاوەکان:**

**١– ڕۆژنامەی (شرق )**

**٢– دیمانەی (رضا خوجەستە) لەگەڵ (عبدالعلی دستغیب)**

**٣– دیمانەی (رحمان بوذری) لەگەڵ رامین جەهان بەگلو.**